Be Bê pris kes boi niye Am gftugoye  le shweneki trda blawi bkatewe

# ئەو پشكۆیەی نابێ بە خۆڵەمێش

## گفتوگۆیەکی قووڵ لەگەڵ شاعیر و ڕەخنەگری ناسراو **حەمەسەعید حەسەن**دا



بەشی یەکەم



**مەهاباد قەرەداغی**

حەمەسەعید حەسەن تەنیا شاعیر نییە، بەڵکوو چیرۆکنووس و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی و سیاسیشە، ئەو خۆی وەک ڕەخنەگر دەناسێنێت و خوێنەری ئاگادار و بەدواداچووی نووسینەکانیشی وەک ڕەخنەگر دەیناسێت. ڕەنگە کەم نووسەر هێندەی ئەم خوێنەری لە خۆی کۆ کردبێتەوە. خوێنەرەکانی مەرج نییە تەنیا لایەنگرانی نووسینەکانی بن، بەڵکوو ئەوانەشی بە نووسینەکانی قەڵس دەبن، ناتوانن فەرامۆشی بکەن. هەن بە نووسەری مەزن، ناوی دەبن، هەشن بە نووسەری نازانن. هەن پێیان وایە بڵندگۆی ڕاستییە و بە زمانی بەڵگە دەپەیڤێت، هەشن پێیان وایە ڕەخنەکانی بێ بناغەن.

بە هەر حاڵ نووسینەکانی، بە تایبەتی ڕەخنە سیاسییەکانی، چونکە گومانسازکەر و وروژێنەرن، زۆرترین مشتومڕ دەخوڵقێنن، زۆرترین وەڵام دەدرێنەوە و زۆرترین خوێنەریش لە یار و لە نەیارەکانی دەیانخوێننەوە. ئەو نووسەرێکە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە، ڕەخنەگرێکە جیاواز، لاساییکردنەوەی ئاسان نییە، شێوازی نووسینی بە کەم کەس هەرس دەکرێت، هیچ دیاردەیەک نابوێرێت و ڕەخنەی لە هەموو شتێک هەیە.

زمانی حەمەسەعید حەسەن لە ڕەخنەی سیاسیدا و تا ڕادەیەک لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا زبرە. توندوتیژیی ئەو زمانە ڕەخنەییەی ئەو، بۆ سەر داگیرکارانی کوردستان، بەرهەمهێنەرانی شەڕ و بەرژەوەندیخوازانی دنیای سیاسەتی کوردی، هێندە ڕەوایە کە خاڵێکی پۆزەتیڤی نووسینی ئەوە، بە تایبەتی کە بە بەڵگەوە دەدوێت و بە زانیاریی دروست بۆچوونەکانی پشتئەستوور دەکات، وەلێ هەمان زمانی زبر لە ڕەخنەیەکی ئەدەبیدا ئەگەر بەڵگەدار و ڕەواش بێت، خاڵێکی نێگەتیڤە. ئەو زمانە زبرە مەگەر کاتێک لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕەوا بێت، کە شاعیرێک یان نووسەرێک پەسنی دیکتاتۆرێکی دابێت، یان خەڵکی بۆ زەبروزەنگ نواندن و کوشتار هان دابێت.

ڕەخنەی سیاسی، ساتیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بەگژداچوونەوەی دیاردە دزێوەکان، رووبەرێکی زۆریان  لە پانتایی دنیای نووسینی حەمەسەعید حەسەندا گرتووەتەوە، ئەمەش کارێکی کردووە، بەدحاڵیبوونێک لای لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دروست بکات و وەک دژبەرێکی سەرسەخت لەم نووسەرە بڕوانن و ناوی بخەنە لیستی ڕەشیانەوە.

نوام چۆمسکی چونکە بێپەروا بە زمانێکی توندوتیژ ڕەخنە لە سیاسەتی فەرمانڕەوایانی وڵاتەکەی ‹ئەمریکا›

دەگرێت، دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی، ناتۆرەی دژایەتیکردنی ئەمریکایان وەپاڵ داوە و ناویان لە لیستی ڕەشدا تۆمار کردووە، بەڵام ئەو بێباکانە لەسەر هەقبێژیی بەردەوامە. حەمەسەعید حەسەنیش چۆمسکی ئاسا بە زمانێکی زبر، ڕەخنە لە دەسەڵاتدارانی کوردستان، ئەوانەی بەرژەوەندی حیزب دەخەنە پێش قازانجی میللەتەوە و هەوێنی هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆن، دەگرێت. هەر ئەم نووسەرە زمانزبرە، بە زمانێکی نەرمتر لە لۆکە، گەلەکەی، خاکەکەی و چەوساوەکانی وڵاتەکەی دەدوێنێت. بە زمانی بروسکە لەگەڵ دەسەڵاتداراندا دەدوێت و ئاگر لە خەرمانی گوتار و کرداری نابەجێیان بەردەدات، وەلێ بە زمانێکی هێندە سادە و ئاونگئاسا لە گەڵ زۆرلێکراواندا دەدوێت، کە سەرسامت دەکات. ئەو هێندە خۆشەویستی و ڕێزی بۆ چەوساوەکان کە خۆی بە داکۆکیکاریان دەزانێت، هەیە، لە بەردەم نزرگەی قوربانییەکانیاندا دەنووشتێتەوە:

به قوربانی دار و بەردی ناو دێتان بم

به قوربانی خاکوخۆڵی ژێر پێتان بم.

هەن حەمەسەعید حەسەن بە نووسەرێکی لووتبەرز ناو دەبەن، بەڵگەش لە ساتیرەکانییەوە دەهێننەوە، بەڵام ئەگەر بەڵگە لە شیعرەکانییەوە بهێنرێتەوە، وێنەیەکی تری پێچەوانە دروست دەبێت، ئەوەتا ئەو نەک هەر لووتبەرز نییە بەڵکوو هێندە بێفیزە، خاکی ژێر پێی دایکانی جگەرگۆشە ئەنفالکراو ماچ دەکات. تێگەییشتن لە کەسایەتی و دنیای ناوەوەی نووسەرێک کە هێندە گومانی وروژاندبێت و هێندە گومانی لێ کرابێت، کارێکی سانا نییە. ڕەنگە پرسیارەکانی من و بەرسڤەکانی ئەو، سەرەداوێک بۆ تێگەییشتن لە دیوی ناوەوەی نووسەر بە دەستەوە بدەن. لەم گفتوگۆیەدا حەمەسەعید حەسەن ڕووبەڕووی هەندێک پرسیار دەکەمەوە کە پێوەندییان بە کەسایەتی خۆی و بەرهەمە جۆربەجۆرەکانییەوە هەیە، بەڵکوو لە میانەی وەڵامەکانییەوە لەم نووسەرە گومانسازێن و گومانلێکراوە تێبگەین و بزانین ئەو گومانانەی دەیانسازێنێت چەند ڕەوان و ئەو گومانانەی لێی دەکرێن، چەند بەجێن.

*

**مەهاباد قەرەداغی**: شیعری بەرەنگاری بەشێکی بەرفراوانی لە دنیای شیعری تۆدا بەرکەوتووە، کاتێک شیعر ئەرکی چەکی پێ دەسپێردرێت و پەیڤەکان لە شێوەی گوللەدا لە لوولەی قەڵەمەوە دەردەپەڕن و شاعیر وەک جەنگاوەرێک لە مەیداندا ڕووبەڕووی دوژمنی داگیرکار دەبێتەوە، جوانی و هونەر و ئیستاتیکا چییان لێ دێت؟ ئایا دەکرێت لە شیعرێکی بەرەنگاریدا فەزایەک بۆ جوانی بدۆزینەوە کە فەنتازیامانی تێدا کارا بکەین؟

**حەمەسەعید حەسەن**: پێم سەیرە کەسێکی نیشتمان داگیرکراو خۆی بە شاعیر بزانێت و شیعرێکی وای نەنووسیبێت، بکەوێتە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەوە. پێم سەیرە شاعیرێک کە بچووکترین ڕەخنەی لێ بگیرێت، بێتە دەنگ و لە بەرانبەر قەلاچۆکردنی گەلەکەیدا بێدەنگ بێت! پێم وایە نووسینی هۆنراوەیەک کە هەڵگری پەیامی بەرەنگاربوونەوە بێت، گەلێک سەختترە لە نووسینی شیعرێک کە زادەی جوانیی سرووشت یان چیرۆکێکی ڕۆمانتیک بێت.

شیعر پێش هەموو شتێک، پێویستە شیعر بێت. ئەوە تێفکرینێکی جوان، فەلسەفەیەکی قووڵ، یان کارەساتێکی مەزن نییە، کە شیعر دەخوڵقێنێت، شیعر بە پلەی یەکەم هونەرە. هاتوهاوار با لە دڵێکی برینداریشەوە هەڵبقوڵێت، بەرجەستەکردنی داخوازییەک با دروست و ڕەواش بێت، دەستنیشانکردنی ئامانجێک، با هیوای زۆربەش بێت، شیعری لێ ناڕسکێت. شاعیر دەتوانێت ئاوڕ لە هەموو ئەو بابەتانە بداتەوە، وەلێ هەمیشە دەبێت،

ئاگاداری ئەوە بێت، خەریکی نووسینی شیعرە. شاعیر دەبێت مەبەست لە نێو بۆتەی شیعردا بتوێنێتەوە، نەک شیعر بە قوربانی مەبەست بکات.

شیعر دەبێت بە زمانی گوڵ بدوێت نەک گولله، بەڵام ئەوە چارەنووسی شاعیری کوردی نیشتمان داگیرکراوە کە ناچاری دەکات ئەرکێک بە شیعر بسپێرێت کە ئیشی شیعر نییە. خۆزگە داد زاڵ بووایە، بریا کورد گەلێکی ئازاد و کوردستانیش وڵاتێکی سەربەخۆ بووایە، ئەوسا منیش ناچار نەدەبووم، ئەرکێک بە بووکی شیعر بسپێرم کە هی ئەو نییە. من کە لە کۆتایی ئاداری ١٩٧٩دا، لە سلێمانی (هەڵەبجە غەززەی خەمناکە)م لە هۆڵێکی سیخناخدا کە لەڕیزی پێشەوەیدا گەورە بەعسییانی شار دانیشتبوون، خوێندەوە، بەو شیعرە خوێنی خۆم کردە کاسەوە، بەوەدا چارەکە سەدەیەک بەسەر گوتنیدا تێپەڕیوە و هێشتا کەلێنێکم تێدا نەبینیوەتەوە و هێشتا ژیانی لێ دەچۆڕێت، دیارە شیعریش بووە نەک تەنیا هەڵوێست. ئەوانەی بە پاساوی  شیوەن بۆ ستاتیکاوە، دژی ئەو شیعر وەستانەوە، دواتر یەک لە دوای یەک دەستیان کەوتە ڕوو،  کەسانێک بوون ترسنۆک یان وابەستەی داگیرکار.

شۆڕشگێری ڕاستەقینە کە خەو بە دنیایەکی جوانترەوە دەبینێت، ئەوە لوتکەی بەگەڕخستنی فانتازیایە. شیعر ئەگەر بەشداری لە بەدیهێنانی ژیانێکی باڵاتردا بکات، ئەگەر وەرگر بۆ خەبات لە پێناوی ئازادیدا بانگ بکات، ئەگەر نەمامی هیوا لە کێڵگەی دڵی ناهومێداندا بڕوێنێت، ئەگەر بەرچاوی خوێنەر ڕوون بکاتەوە و ئاسۆی بیری بەرینتر بکات، ئەوە کارکردنە لە بواری فراوانکردنی فانتازیادا. کام شاعیری مەزنی دنیا کە وڵاتەکەی دووچاری داگیرکردن بوویێت، بە شیعر بەرەنگاری داگیرکاران نەبووەتەوە؟ جوانترین شیعری ئاراگۆن و ئێلوار ئەوانەن کە فەرەنساییەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوە هان داوە. گۆران کە نوقڵانەی بۆ کوردستانێکی جوانتر لێ داوە، بەوە هاوزەمان هەم شیعرێکی جوانی نووسیوە و هەم بە گژ داگیرکارانیشدا چووەتەوە. خۆدزینەوە لە بەرەنگاربوونەوە، بە بیانووی خۆبەستنەوە بە ستاتیکاوە، گۆڕەپان چۆڵکردن و هەڵاتنە لە شەڕێک کە شاعیریش پێویستە تێیدا بەشدار بێت. ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە زادەی ئەو واقیعەیە، کە کوردستان وڵاتێکە داگیرکراو. تا خاک و گەلی کوردستان داگیرکراو و بندەست بن، شیعری بەرەنگاربوونەوەش دەنووسرێت و خوێنەریشی دەبێت. وەک چۆن شاعیر بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی داستان و ئەفسانە، بەسەر دەکاتەوە و وزەی نوێیان تێدا دەبینێتەوە و جیهانێکی تازەیان لێ پێک دەهێنێت، ئاوا هونەرمەندانەش بەرەنگار دەبێتەوە، هەر بۆیە جیاوازیی نێوان ئەدەبی بەرەنگاری و ڕستەی شۆڕشگێڕانە، جیاوازیی نێوان شیعر و دروشم، ئاسمان و ڕێسمانە. کە شیعر لە دروشم نزیک بووەوە، ئەوە ڕەنگدانەوەی بێدەسەڵاتیی شیعرنووسە و شاعیر هەرگیز نابێت نوقمبوو ئاسا، تەنیا بقیژێنێت و هیچی تر. شاعیر ئەگەر ناچار بوو هاوار بکات، پێویستە بە جوانترین شێواز دەنگ هەڵببڕێت.

**مەهاباد قەرەداغی**: ساتیرەشیعر هۆدەیەکە لە ماڵی شیعریی تۆ، چونکە لە ساتیردا ئامانجێکت هەیە و مەبەستتە بیپێکیت، بایەخێکت بۆ ڕەگەزەکانی پێکهێنەری شیعر و هونەری شیعر نامێنێت. ئەگەر مەبەستی ساتیر هەر گەیاندنی ئامانج بێت، بۆچی پەنا بۆ شیعر ببرێت، نەک ژانرێکی تری ئەدەب، بۆ نموونە ساتیرەچیرۆک کە باڵادەستیت تێیدا؟ تۆ یەکێکیت لەو شاعیرانەی ئەرکی زۆرت خستووەتە سەر شانی شیعر، پێت وا نییە شیعر بە دەست ئەو وەزیفانەوە، کە هی ئەو نین و بەسەریدا دەسەپێندرێن، ماندوو دەبێت؟ ئایا شیعر

لە ساتیرەکاندا ئامانجی تۆی پێکاوە؟ مەبەستی تۆی گەیاندووەتە خوێنەر؟

**حەمەسەعید حەسەن**: ساتیر مەلێکە بە باڵی تەوس و لاقرتێ دەفڕێت، بێ سڵکردنەوە ڕاستی دەڵێت، تیرێکە ڕووی لە سنگی جەللادە و دەستێکە تەوقە لەگەڵ دیکتاتۆردا ناکات. ساتیر بتی دابونەریتی دێرین دەشکێنێت، ئابڕووی پارێزەرانی ڕەوشتی زاڵ دەڕووشێنێت و خوازیاری ئەوەیە، ئینسان سەر بۆ فیکری سەروەر و واقیعی باو نەوی نەکات. ساتیرنووس چونکە تەنیا سەرنجی سەرەوە دەدات، بۆیە مەرزەکان نابینێت.

ساتیرەکانم کە ناوبەناو پشتیان بە ڕستە و وێنەی شیعری بەستووە، خەو بەوەوە دەبینن، دەستیان بگاتە داوێنی بووکی باڵابەرزی شیعر، دەشێت شیعر نەبن، وەلێ گرنگترین ڕەگەزی شیعر کە ڕاستگۆییە، خوێنە و بە دەمارییاندا دەگەڕێت، هەر بۆیە خوێنەری ئاسایی بە تامەزرۆییەوە و بە ئاشکرا لە ئامێزیان دەگرێت و هەڵبژاردەش بە نهێنی دەم بە پلوسکیانەوە دەنێت.

خەسڵەتی ساتیر وایە، بە زمانێک کە لە نێوان زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و زمانی نووسیندا دێت و دەچێت، گاڵتەئامێزانە باس لە شتە هەرە جیدییەکان دەکات و داریۆ فۆ گوتەنی: بە کلیلی پێکەنین دەرگای مێشک دەکاتەوە، تا هۆش بچێتە ژوورەوە. ساتیرەکانی من لە شیعر بچن یان چیرۆک بن، خوێنشیرینانە باس لە لایەنە تاڵەکانی ژیان دەکەن و گاڵتەئامێزانە کارەساتەکان بەسەر دەکەنەوە و خوازیارن لێوی خوێنەر بە زەردەخەنەیەکی تەوساوی بگەشێننەوە.

من بە دەست نووسینی ساتیرەشیعریشەوە هێندە ماندوو دەبم، تەواو وەک خەریکی نووسینی هەر ژانرێکی تری ئەدەبی بم. نووسینی ئەدەبی گاڵتەجاڕی، کارێکە تا بڵێیت جدی و وەک چۆن نووسین بۆ منداڵان ئەگەر لە نووسین بۆ گەورەساڵان دژوارتر نەبێت، ئاسانتریش نییە، کۆمیدیایش لە تراژیدیا کەمبایەختر نییە. ئەو بێتوانایانەی لە بواری نووسینی ئەدەبی گاڵتەجاڕیدا، بەو بیانووەی کارێکی ئاسانە، خۆیان تاقی دەکەنەوە، ئەوانە لەبری نووسینی ئەدەبی گاڵتەجاڕی، خۆیان دەکەن بە هەوێنی گاڵتەجاڕی.

ساتیرەشیعر ئەگەر کارێکی کرد، ڕەخنەلێگیراو هاوسەنگیی خۆی لە دەست بدات، ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئامانجی پێکاوە. لەم ڕوانگەیەوە، پێم وایە تیری ساتیرم نیشانەی ئەنگاوتووە. ئەدەبی دێرین، داستان، ئەفسانە، یان شانۆنامە بووبێت، هەر بە شیعر نووسراوە. ئاسمانی شیعر هێندە بەرینە جێی ئەستێرەی دەربڕینی هەموو مەبەستێکی تێدا دەبێتەوە. ئێستاش ئەدیب هەیە، ڕۆمان و شانۆنامە بە شیعر دەنووسێت.

یەکێک لە تەکنیکەکانی ساتیرنووسین، گەمەکردنێکی هونەرییە بە پەیڤ. من خودی خۆم، چێژێکی زۆر لەو گەمە بە وشەکردنە دەبینم و پێم وایە ئەگەر سیحرێک لە ساتیرەشیعری مندا هەبێت، زادەی ئەو گەمەیەیە. من هەرگیز نەمویستووە باری شیعر قورس بکەم، وەلێ ئەگەر لە بەدحاڵیبوونمەوە لە ئەرکی شیعر، کەمترین ئازاری فریشتەی شیعرم دابێت، لە خودای شیعر دەپاڕێمەوە، لێم ببوورێت. با ئەوەش بڵێم ساتیرەشیعر خوێنەرێکی زۆری هەیە و ئەو کۆمەڵە ساتیرەی کە بە نەزم نووسیومە، هەنووکە بۆ جاری پێنجەم چاپ کراوەتەوە.

من ساتیر لە شێوەی چیرۆک و شیعریشدا دەنووسم. دەزانیت کە دەست بە نووسین دەکەم، ئەوە خۆم نیم کە چوارچێوەی ساتیرەکان دیاری دەکەم. هێزێک کە تۆ بڵێ ناوی بنێم چی؟ بێ ویستی خۆم، جارێک دەرگای شیعرم بە ڕوودا دەکاتەوە و جارێکی دی، ڕێگای چیرۆکم نیشان دەدات. من هەرگیز پێش وەخت بڕیارم نەداوە، ساتیرێک بە فڵان ژانر سەبارەت بە فیسار کێشە بنووسم. ساتیرەکانم خۆڕسکانە لە ناخمەوە هەڵدەقوڵێن و

مۆڵەتی لەدایکبوون، لە من ناخوازن.

**مەهاباد قەرەداغی**: جوانترین شیعرەکانی تۆ، ئەوانەن کە سادە و ڕەوان و قووڵ لە ئەزموونی ئەڤینداری دەدوێن و هەستەکان پڕاوپڕ لەگەڵ ڕەگەزی فەنتازیادا تێکەڵاون؛ لەو شیعرانەدا نە هەست بە هەناسەتەنگیی شیعر و نە بە شپرزەیی و هەناسەتەنگیی شاعیر دەکرێت. ئەڤین لە کوێی ژیانی تۆدا پەنهان بوو؟ بۆچی درەنگتر لەو کاتەی کە دەبوو دەربکەوێت، دەرکەوت؟

**حەمەسەعید حەسەن**: ڕاستییەکەی من بە نووسینی شیعرێک، کە زادەی ئەوین بوو، دەستم بە نووسین کرد، وەلێ یەکەمین نووسینی بڵاوکراوەم، هەڵسەنگاندنی کۆمەڵەشیعری (ناسۆری دەروون)ی مامۆستا ع. ح. ب بوو. گوڵی شیعر با زادەی ئەزموونێکی ڕاستەقینەش بێت، ئەگەر بە فانتازیا ئاو نەدرێت، سیس دەنوێنێت. زێتر دەڕۆم و دەڵێم، شیعر بێ فانتازیا، جەستەیەکە، بێ گیان. دەبێت ئەوەش بڵێم، لە نێوان واقیع و فەنتازیادا نەک هەر سنوورێک نییە، بەڵکوو ڕێ دەکەوێت، واقیع لە فانتازیاشی تێبەڕێنێت و شتی وا ڕوو بدات، بە خەیاڵی هیچ شاعیرێکدا نەهاتبێت. کە ئەو شیعرانە زۆر لە خۆ کردنیان پێوە دیار نییە، ئەوە لە سۆنگەی ئەوەوەیە، خۆڕسکانە هەستی خۆم بەرجەستە کردووە و ساختەم لە سۆزی خۆم نەکردووە. من پێم وایە خوێنەر هێندە وریایە، جیاوازی لە نێوان دوو شیعردا، کە یەکێکیان ڕەنگدانەوەی وەهمێک و ئەوی دیکەیان زادەی چیرۆکێکی ڕاستەقینە بێت، دەکات.

شیعرنووسین بە پلەی یەکەم هونەرە، ئەگەر نا، هەموو ئەویندارانی دنیا دەبوونە شاعیر. هەموو ئاشقێک نابێتە شاعیر، وەلێ هەموو شاعیرێک ئاشقە. گرنگ ئاشقبوون نییە، گرنگ بە شیعرکردنی ئەشقە. هەیە دەیان تێکستی کراون بە گۆرانیی دڵداری، بەڵام لە هیچ کام لەو تێکستانەدا، دێڕێک شیعر نییە. شیعر و ڕاستگۆیی دوو باڵی مەلێکن، بەڵام بەرهەمی شاعیری داهێنەر و زەنگینخەیاڵ با ڕووداوێکی ڕاستەقینەش بەرجەستە نەکات، هەر دەشێت ڕاستگۆییەکی پێوە دیار بێت، کە خوێنەر شاعیری تێدا ببینێتەوە. مەرج نییە شاعیر چیرۆکێک بگێڕێتەوە کە ڕووی دابێت، مەرج ئەوەیە، ئەوی دەینووسێتەوە جێگەی بڕوا بێت. ئەوە لای من هیچ گرنگ نییە، حەبیبە ژنێکی ڕاستەقینە بووە، یان زادەی خەیاڵی نالی؟ ئەوەم پێ گرنگە، نالی شیعری جوانی بۆ گوتووە.

شیعری جوان، شیعرێکە ئاسان و سادە دیارە، خوێنەر پێی وایە ئەویش دەزانێت، شتی وا بهۆنێتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی هەر شیعرێکی جوان بگریت، ڕووداوێکە دووبارە نابێتەوە. ئەڵماس و خەڵووز، ئەگەر چی هەردووکیان سەر بە هەمان ڕەگەزن، وەلێ هێندە لە یەکتر جیاوازن، لە یەکدی جیاکردنەوەیان، کارێکی دژوار نییە. شیعر و شتێکیش کە خوازیار بێت، خۆیمان بە شیعر بە سەردا ساغ بکاتەوە، ئەگەر چی هەردووکیان بە هەمان کەرەسە کە وشەیە، ڕۆ نراون، وەلێ ناسینەوەی هەر یەکێکیان کارێکی ئاسانە.

هەیە گۆمی شیعری تەنکە، بەو ئومێدەی قووڵ بنوێنێت، لێڵی دەکات. لای من سەختترین جۆری شیعر ئەوەیە، هاوزەمان سادە و قووڵیش بێت. شیعری ڕەوان، کانیاوئاسا، خۆڕسکانە هەڵدەقوڵێت، وشەکانی دەڵێیت ڕاستەوخۆ لە دڵی شاعیرەوە هەڵقوڵاون. هەیە (دەق)ێک دەنووسێت، تا بڵێیت، درێژ و ئاڵۆز و تەمومژاوی. لەو دەقەدا، بۆ فیکر بگەڕێیت، دەیبینیتەوە، بۆ فەلسەفەش هەروەها، بۆ ئەفسانە و داستان و میتۆلۆژیاش هەروەها، بۆ سیاسەت و هەڵوێستی شاعیریش هەروەها، تاقە شتێک کە لەو دەقە درێژە تەمومژاوییەدا نایبینیتەوە، دێڕێک شیعرە.

شاعیر بێ ئەوین ناژی و لە کن وی هیچ وەختێک درەنگ نییە بۆ خۆشەویستی. ئاساییە هەستێک لە ناخماندا سالآنێک پەنگ بخواتەوە و لە ناکاو بە هۆی بینینی دیمەنێکەوە، یان بیستنی گۆرانییەکەوە، یان ڕووداني کارەساتێکەوە، بتەقێتەوە. وەک چۆن تۆوێک لە شوێن و کاتی لەباردا نەبێت، چەکەرە و گەشە ناکات و هەر بە تۆوی دەمێنێتەوە، شاعیریش هەمیشە پێویستی بە هەلومەرجێکی گونجاوە، بۆ شیعرگوتن. من زووتریش شیعری ئەویندارییم نووسیوە، وەلێ نەک وەک ئەم دوو ساڵەی دوایی، کە تەنیا لەو جۆرە شیعرانەم تێدا نووسیون.
من کە دەقێک دەخوێنمەوە، ئەوەی بە لامەوە گرنگە ئەوەیە: ئایا دەقەکە شیعرە، یان نا؟ ئیدی ئەو دەقە، بە پەخشان نووسراوە، یان کێشێکی دێرینی تێدا ڕەچاو کراوە؟ لەمێژە نووسراوە، یان تازە لە دایک بووە؟ زادەی خەیاڵە یان چیرۆکێکی ڕاستەقینە دەنووسێتەوە؟ شاعیرەکەی گەنجە یان پیر؟ کۆچی دوایی کردووە یان هێشتا لە ژیاندا ماوە؟ خەڵکی ئەمدیوی کوردستانە یان ئەودیو؟ مامۆستای زانکۆیە یان تەنیا خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە؟ سەر بە فلآن حیزبە یان فیسار؟ ئەمانە نە زۆر نە کەم، لای من هیچ بایەخێکیان نییە.
شیعر لەو کاتەشدا کە قین بەرجەستە دەکات، هەر زادەی ئەوینە. تۆ ئەگەر کوردستانت خۆش نەوێت، قینت لە داگیرکاران نابێت، من ئەگەر چەوساوەکانم خۆش نەوێت، ڕقم لە چەوسێنەران نابێت. ئەو ئەگەر شەیدای جوانیی نەبێت، بە گژ دزێویدا ناچێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، شیعری ئەویندارى و شیعری بەرەنگاری، دوو لقی یەک درەختن، نەک دوو درەختی جیاواز.